# ئازادی بۆ بەعسی و بکوژەکان، 30 ساڵ زیندانیش بۆ کوڕە کوردێک

شاهــۆتۆفیق

بـاڵاکردنی دیموکراسـی و، جیگیربـوونی دامـەزراوەکـانی کۆمـەڵگـەی مـەدەنـی؛ روداوی خۆڕسک و کاری سەرپێیی نین، تاکو بتوانن لە خێرایییەکدا یان لە مەودای بیرکردنـەوەی خەیاڵاتی گەشبینێکدا بخولقێن. بەڵکو پێویستیان بە پرۆسـەیـەکی ورد و هـەمـەلایـەنـەی ئـەوتـۆ هـەیـە، کـە گشـت چـەمکـەکـانی ژیـانی کۆمـەڵگـە لـە لایـەک و، فاکتـەرە فەراهەمکراوەکانیش لە لایەکی ترەوە پێکەوە ببەستێ. ئەوجا شتێکیان لێ دروستبکات کە ببێتە بەرنامە بۆ بەڕێوەبردن.

کەواتە بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی! مانای پیادەکردنـی دیموکراسـی ناگـەیـەنـێ. تـەواو وەک ئـەوەی لـە عێراقـدا هـەیـە! ((بانگـەشـەی دیموکراسـی و سیسـتیمی دەسـەڵاتـی فەتواکان)). لە کوردستانیشدا ئـەگـەرچـی فـەتواکـان شێوەی تریـان لـە خۆگرتـووە! بـەڵام بانگەشە و پیادەکردنی دیموکراسی، دوو شتی تەواو جیاوازن.{ئەمەیان کارێکی درێژە و با نەکەوێتە ئەستۆی ئەم نووسینە}.

زینـدانیکردنی دکتـۆر کـەمـال سـەیـدقادر، نموونـەیـەکـی نزیـک و خـاڵێکی دیـارە لـە دەرخسـتنی ئـەو جیاوازیـە و، یـەکێکیشـە لـە ئـەنجامـە نێگـەتیڤـەکـانی لاسـەنگبـوونی هاوکێشەکە.

ئەگەر ئاستی پراکتیزەکردنی دیموکراسی، بە تێرمۆمیتری سەرکردە و دەسەڵات بپێورێ! ئــەوا بێگوومــان سیســتیمێک دێتــە کایــەوە، کــە سیســتیمی حــەز و ئــارەزوو، یــان تۆڵەسەندنەوە و لێبووردن دەبێ. ئەمانەش هیچیان فڕیان بەسەر دیموکراسیەوە نیە و بە کۆمەڵگەی مەدەنی نامۆن. بەڵکو ئەوەی پێویستە رێکخستن و دابەشکردنی ئەرکەکانە بە سەر دامەزراوە تایبەتەکاندا بۆ ئەوەی دەوڵەتی (موءسسات) درووستبێت.

هەردوو ستانەکەی باشووری کوردستان، کە بەشێکن لە دەسەڵاتی عێراق! راستەوخۆ بەرپرسیارن لە رووداوەکان. کەواتە ژیانی هاووڵاتیان باشێکە لە ئەرکی ئەوان.

زۆرن ئەوانەی تاوانیان بەرانبەر گەلەکەمان کردووە، بەڵام کەمن ئەوانەی سزادراون. هەزاران کەس لەوانەی بە جلی کوردیەوە دێهاتیان دەسووتان و، دەستدرێژییان دەکرد؛ ئێستە لە باوەشی حیزبەکانی کوردستاندا، بەئارامی دەژین. هەزاران عەرەبی ناوەڕاست و خوارووو، کە جەللادی خەڵکی کوردستان بوون، بە ئازادی دەگەڕێن و، بگرە لە دەسەڵاتی نویشدا بەشدارن.

لە کاتیکداچەندین تاوانباری ئەندامی سەرکردایەتی بەعسی روخاو ئازادکران و، کەسانی وەک (هدی عماش و، د. رحاب تەها و چەندینی تر) مەرەخەسکران! کە لە هەرەمی دەسەڵاتی بەعسدا بوون، لە کاتێکدا سەددام و چەتەکانی بە نەرمترین شێوە دادگایی دەکرێن! کەچی تازە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە نێوەندی دەسەڵاتی کوردستان و عێراقدا سەنگی هەیە؛ دێت و لە پرۆسەیەکی نادیموکراسیدا، حوکمی 30

ساڵ زینـدانیکردنی کـەمـال سـەیـد قـادر دەردەکـا و، بـێ گـوێدانـە مـەترسـیـەکـان، دێـت و ریشاڵەکانی یاسا لە کوردستاندا دەخاتە مەترسیەوە.

پارتی و سەرکردایەتیە هێژاکەی دەبووایە پێش ئەو هەنگاوە، بیریان لە دادگاییکردنی بکوژ و تاوانبارەکانی سنووری خۆیان و یەکێتی بکردایەتەوە. باشتر وابوو لە جیاتی ئەو بڕیارە! مژدەی سزادانی تۆڕەکەی شێخ زانایان بە کەس و کاری قوربانیەکان بدایە.

بەڕێز مسعودبارزانی مافی خۆیەتی وەک هاوولاتیەکی کوردستان بەرگری لە خۆی و بنەماڵەو مێژووەکەی بکات، مافی خۆیەتی لە ڕێگەی دادگا و پارێزەرەوە، بەرانبەر د. کەمال بوەستێ و داوای تۆڵەی یاسایی لێبکا. بەڵام لە پرۆسەیەکی روون و هەمەلایەندا و، بە رەچاوکردنی مافی بەرگریکردنی بەرانبەریش.

حکومدانی د. کەمال بەو خێراییە و بەو شێوەیە! پێشینە و زەنگێکی ترسناکە و، سیستیمی بەڕێوەبردن و دەسەلات زیاتر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە گرنگترینیان سەروەری و بێلایەنی دەسەلاتی (داد) و دەستێوەردانی حیزبە لەو نێوەندەدا.

مەرج نیە ئەوانەی پشتگیری د.کەمال دەکەن و داوای ئازادکردنی دەکەن، لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی بن، یان بە شێوەی داڕشتنی نووسینەکانی رازیبن. بەڵکو دژوەستان بەرانبەر ئەو بڕیارە! پشتگیریکردنە لە دیموکراسی، پشتگیریکردنە لە درووستبوونی مانایەک بۆ هاوولاتیبوون. واتا سەرۆک و هاوولاتی، لە ئەرک و مافدا بەرانبەر یاسا وەک یەک بن، پشتگیریکردنە لە بنیاتنانی ئەو دەوڵەتی (موءسسات)ەی کە کاک مسعود خۆی دەڵێ هیوام پێیەتی. ئەو خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: (کەس نیە لە قوربانیداندا مزایدەم لەسەربکا، بەڵام ئامادەم بۆ ئارامیی عێراق چاو لە تاوانباران بپۆشم) بەڵام لە مەسەلەی د.کەمالدا هێندە بێئارام بوو، چاوی لە هیچ نەپۆشی.

بەداخەوە لەم کێشەیەدا بێدەنگبوونی یەکێتیش وەک (شەریکە بەشی دەسەلات) و ولاتی(نەمسا) وەک لایەنێکی پەیوەندیدار، هێندەی تر پرۆسەی دیموکراسی لاواز دەکاو، دڕدۆنگی دەخاتە سەر پاشەڕۆژ.

لە ماوەی چەند ساڵی شەڕی ناوخۆدا، چەندین گەنج بوونە قوربانی و چەندینی تر لە زیندانەکانی یەکێتی و پارتیدا لە ناوچوون یان بێ دادگاییکردن گوللەبارانکران. دەبا ئیتر دادگای راستەقینە سەروەربێ، نەک فەرمانی قەرەقووش ئاسای حیزبەکان.

دەبا درووشمی ئازادکردنی د.کەمال بگۆڕین بۆ دروشمی دادگاییکردنێکی عادیلانە و ئاشکرا. بۆ ئەوەی راستی و ناڕاستی دەربکەون و، یاساش سەروەر و پارێزەری هەمووان بێ، نەک لێبووردن و بەزەیی.